# نە ئەمریکا، نە ئیسلامی سیاسی،
# ئازادیو سکولاریزم

## ریبوار ئەحمەد

رووداوەکانی ئەم رۆژانەی دوایی لە عیراقدا، تەنها یەکیك لە ئاکامە خویناویو کارەساتبارەکانی جەنگو پرۆژەی کۆنەپەرستانەی ئەمریکای بۆ ئیستای عیراق، هەروەها ناکامیە سیاسیەکانی تا ئیستای، بە شیوەیەکی بەرجەستە نمایش کرد. ئەو سیناریۆ رەشەی کە بە جەنگی ئەمریکا دەستی پێکرد بەردەوام بە نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرەو قولبونەوەی زیاتر پالی پیوەنراوە. بەریخستنی جەنگو گۆرینی عیراق بە مەیدانیکی گەرمی شەرو کیشمەکیشی تیرۆریستی لەگەل ئیسلامی سیاسی، راکیشانی دەستی هیزو تاقمە ئیسلامیو قەومیو عەشایەریەکان بۆ سەر دلی خەلكو کورسی حوکم، هەولدان بۆ سەپاندنی بەدیلی قەومیو تائیفی بەسەر کۆمەلگای عیراقدا، دابەشکردنی دەسەلاتو دەستەبەندی کردنی هاولاتیان لەسەر بناغەی قەومو دینو مەزهەب، جگە لە تیکدانی شیرازەی مەدەنیەتو خولقاندنی زەمینەی شەرو پیککدادانی کۆنەپەرستانەو دەرگا ئاوەلاکردن بۆ ئەوەی هەر دەستەو تاقمیکی قەومیو ئیسلامی خۆیان چەکدار بکەنو لە گۆشەیەکدا خۆیان بەسەر خەلکدا بسەپینن، هیچی تر نیە. لە هەمانکاتدا ئەم رووداوانەو دامەنی فراوانی کە چەندین شاری عیراقی گرتوتەبەر، نیشانەی ئەوەیە کە ئەمریکا بە فراوانی بەرامبەر نارەزایەتی خەلك قەراری گرتوەو لەسەر بورکانیك دانیشتوە کە هەموو ساتیك دەکری بتەقیتەوە. ئەمە بناغەی بەرینبونەوەو بەشداری خەلکە لە رووداوەکانی ئیستادا، نەك لایەنگری لە تاقمە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان. تاقمی صدرو پاشماوەکانی بەعسو بە گشتی تیرۆریزمی ئیسلامی، لە غیابی ریزی سەربەخۆ خەلکدا بونەتە هاندەری تەقینەوەی بورکانی نارەزایەتی خەلكو دەیانەوێ بیکەن بە دەستمایە بۆ ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی خۆیان.

هەروەها خودی هەلومەرجی ئیستا بواری بەرووی دەستەوتاقمی لە بابەت تاقمەکەی مقتدی صدر کردوەتەوە بو ئەوەی بە شمیرو قەمەوە سەر بەرزبکەنەوەو بکەونە پەلاماردامی سەرەتایترین مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەلكو هەموو سیمایەکی مەدەنی. سیناریۆی رەش بەو رادەیەی مەدەنیەتو ژیانی کۆمەلایەتی تیکروخاند بە هەمان رادە بورای بۆ هاتنەمەیدانی ئەم تاقمانە خولقاند. ئیسلامی سیاسی بە ماهیەتی خۆی هیزی سیناریۆی رەشەو هەلومەرجی بەم جۆرە لەبارترین زەمینە دەدات بە نەشو نماکردنی. شەری ئەمریکاو سیاسەتەکانی بەراستی بواری بەرووی ئیسلامی سیاسیدا ئاوەلاکرد. بەشیك لەم دارودەستانە خۆیان بوونە دەسکەلای ئەمریکاو هاوکاری جەنگی کۆنەپەرستانەی، بەشەکەی تریان بە شیوازی جیاجیا قناعی وەستانەوە دژی داگیرکاری ئەمریکایان لەسەر کردو بوون بەلایەکی شەرو پیشبرکێی تیرۆریستی لەگەل ئەمریکادا.

تاقی "الحوزە" سەر بە صدر وەکو تاقمیکی تیرۆریستی ئیسلامی تەنها لە ماوەی یەکسالی رابردوودا بە دەورو کارکردی خۆیان دوژمنایەتی کویرانەی خۆیان لەگەل ئازادیو ئینسانیەتو هەموو سیمایەکی مەدەنی نیشانداوە. ئەمانە فتوای قەتلی کۆمۆنیستەکانو ئازادیخوازانیان پەخشانەوە، بە درندانەترین شیوە ژنانو پیرەوانی دیانەتەکانی تریان کوشتار کرد، سینەماو شوینە مەدەنیەکانیان تەقاندەوە، خەباتو ریکخراوی کریکارانو بیکارانیان دایە بەر پەلامار، گیرفانو سفرەی خالی خەلکیان داتەکاندو سەرانەیان لە خەلك سەند، بە زەبری ملیشیای چەکدار دابو نەریتی کۆنەپەرستانەیان بەسەر خەلکدا فەرز کرد. لە بەرامبەر هەموو ئەمانەشدا ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، بەلام تەنها ئەوکاتەی ئەم تاقمە کەوتنە یاخی بوون لە ئەمریکا خرانە لیستی تیرۆریزمەوە. ئەمە پیش هەموو شتیك پوچیو پیوانەی دوو لایەنەی ئەمریکا بۆ تیرۆریزم ئاشکرا دەکات. نیشانیەدەدات تیرۆریزم لە روانگەی ئەمریکاوە تەنها رەمزی ناویکە بۆ هەرکەسو لایەنیك کە بەرامبەر سیاسەتو بەرژەوەندی ئەمریکا بوەستیتەوە.

کیشەی تاقمی صدر لەگەل ئەمریکا، شەرو کیشەیەکی کۆنەپەرستانەیە، نەك هەر هیچ پەیوەندیەکی بە خواستو ئامانجەکانی خەلکی عیراقەوە نیە بۆ رزگاربوون لە سیناریۆی سیاسەتو نەخشەو بەدیلە کۆنەپەرستانەکانی ئەمریکا، بەلکو هەولیکە بۆ قولکردنەوەی وەزعی نائەمنیو تیکدانی زیاتری ژیانی کۆمەلایەتیو داروخاندنی مەدەنیەت. ئەم تاقمە هەلگری ئالای بەدیلیکی کۆنەپەرستانەتر لە بەدیلی ئەمریکان. بۆیە مەرجیکی گرنگی کۆتایهنان بە وەزعی ئیستاو بوژانەوەی ژیانی مەدەنیو ئازادیو ئەمنیەتی کۆمەلگای عیراق، لە مەیدان وەدەرنانو دەسکۆتاکردنی ئەم جۆرە دەستەو تاقمانەیە. ئەمە مەیدانی گرنگی خەباتی کۆمۆنیزمو خەلکی ئازادیخوازو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق پیکدەهینیت. خەلکی ئازادیخواز ناتوانن‌و نابی بە هیچ بەهانەیەك خۆیان تیکەل بە شەرو کیشەی ئەم تاقمانە بکەن، ئەمانە دەبێ هاوکات لەگەل ئەمریکاو دەستوپیوەندەکانی بکەونە بەرامبەر خەباتو نارەوایەتی خەلكو دەوریان لە کاربخریت.

بیگومان سیاسەت و شیوازی ئەمریکا لە کیشمەکیش لەگەل ئەم تاقمانە، هیچ لیکچونیکی لەگەل ئەو کارەدا نیە کە بەری ئازادیخوازی دەبی بیکات. ئەمریکا هیچ کیشەیەکی لەگەل تیرۆریزم و ملهوری ئیسلامی سیاسی دژی خەلک نیە، هەر بۆیە لەلایەک بالی بەشیک لەم دەستەو تاقمانە بۆسەر کورسی دەسەلات رادەکیشێ و دەیانکات بە حاکمی سەر خەلک و لە پشتی تیکەل کردنی دین و دەولەت رادەوەستیت، لەلایەکی تریشەوە بە پێی مەنتقی خۆی لە دەورو کارکردی تاقمی صدرو تەنانەت کوشتاری وەحشیانەی مەدەنیە ئەمریکایەکان لە شاری فەلوجە، کەلک وەردەگریت بۆ لەشکرکیشی و میلیتاریزم و بەهانە پەیداکردن بۆ مانەوە لە عیراق. ئەمانەش هەموو لە پال ئەو شیوازانەوە کە لەم شەرانەدا دەیگریتەپیش، وەکو بۆمبارانی کویرانەو درندانەی شارەکان و کوشتاری خەلکی مەدەنی و تەنانەت دانانی گەمارۆی سەربازی و ئابوری لەسەر خەلک، زیاتر زەمینە بۆ کارو هەلسورانی ئەم تاقمانە خۆش دەکات. بە زۆر پال بە خەلکەوە دەنیت بۆ ئەوەی بە ناچاری بخزینە ریزی ئەم بەرە کۆنەپەرستانەیەوە.

بنەمای سەرەکی راگرتن و دریژپیدانی ئەم وەزعەی ئیستاو بەم پیەش مانەوەی دەرگا بە ئاوەلایی لە رووی ئەم تاقمە ئیسلامیانەدا، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عیراق و لەوانە خودی نەخشەیەکە کە ئەمریکا بە ناوی "سپاردنی دەسەلات بە عیراقیەکان" تەرحی کردوەو کاری بۆ دەکات. لە راستیدا ئەمریکا بەم جۆرە خەریکە راستەوخۆ نان و گوزەرانی خەلکی عیراق بە کۆنتەرات دەدان بە مشتیک کۆنەپەرست و تاوانکاری قەومی و ئیسلامی و عەشایەری کە هەر کامیان خاوەنی فایلیکی ئەستوری تاوانکارین لە دژی خەلک و بە کردەوە لە خولقاندنی ئەم وەزعیەتەدا دەوریان گیراوە. بەبێ ئەوەی تۆزقالیک دەور بۆ ئیرادەو دەخالەتی خەلک قایل بیت، دەیەوێ دەسەلات بسپیری بە کۆمەلە دارودەستەیەکی خۆی کە جگە لە بەرژەوەندی ئەمریکاو تاقمەکەی خۆیان نوینەرایەتی بەرژەوەندی کەس ناکەن. بیناکردنەوەی دەولەت بە پێی ناسنامەی قەومی و دینی و دەسەلاتی ناوچەیی هەر سەرەک خیل و عەشیرەت و قەوم و تائیفەیەک ، دارشتنی "قانونی ئیدارەی وولات" لەسەر بناغەی پیخشاندن لە هەویەتی ئینسانی هاولاتیان و دەستبەندی کردنیان بەپێی قەوم و تائیفەو عەشیرەت، پرۆژەیەکە بۆ راگرتنی کۆمەلگا لە ناو سیناریۆی رەش و ئەو شەروکیشەیەی کە ئیستا لە ئارادایە.

وەزعیەتی ئیستا دەکرێ و دەبێ کۆتایی بیت. دەرکیشانی عیراق لە نیو ئەم سیناریۆ رەشەو سازدانەوەی مەدەنیەت و ژیانی کۆمەلایەتی لە عیراقدا، لە گرەوەی لە مەیدان وەدەرنانی ئەو هیزو لایەنانەیە کە ئەم وەزعەیان خولقاندوە, بەندە بە دەسکۆتاکردن و لە کارخستنی دەوری ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمەوە.، بەندە بە ناکام کردنەوەی بەدیلە کۆنەپەرستەکانی ئەم هیزانەو بەرپاکردنی دەولەتیکی سکولاری غەیرە قەومی و غەیرە دینیەوە کە تەواوی ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکانی خەلک و یەکسانی هەموو دانیشتوان بەدەر لە قەومیەت و دین و مەزهەب و جنس مسۆگەر بکات. ئەمەش کاری بەرەی ئازادیخوازی و جەماوەری کریکاران و ژنان و لاوان و خەلکی ئازادیخوازە، کاری کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقە.

خەلکی عیراق سالەهایە بە دەست فاشیزم و سەرکوت و کۆنەپەرستی رژیمی فاشیستی بەعسەوە دەنالینن، سالەهایە قوربانی دەدەن لە پیناو کۆتایهینان بە حاکمیەتی رەشی ئەم رژیمە، ئاواتیان ئەوەبوو کە بە رووخانی رژیمی بەعس ئازادی و سکولاریزم و خۆشگوزەرانی بال بەسەر کۆمەلگادا بکیشێ، ژنانی عیراق خوازیاری یەکسانی و هەلپیچانی داب و نەریتی کۆنەپەرستانەو پیاوساری بوون، خوازیاری ئەوە بوون بە رووخانی رژیمی بەعس ستەم و هەلاواردن و کۆیلایەتی جنسی لە ریشەوە هەلپیچریت، لاوان بە ئومیدی ئەوە بوون رووخانی رژیمی بەعس دەرگا بەرووی ئاوات و ئارەزووە مودیرنەکانی ئەواندا بکاتەوە. بەلام دوای رووخانی رژیمی بە عس لە ئاکامی شەری ئەمریکادا هەموو ئەو ئاوات و ئامانجانەی خەلکی عیراق لە جیگای خۆیان بێوەلام ماونەتەوە. ئەم یەکسالە لە هەموو کاتیک ئاشکراتر نیشانیداوە کە تەنها حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەدیل و وەلامدەرەوەی ئەو ئاوات و ئامانجانەیە. لە ماوەی ئەمسالەدا بە راوەستانی پەیگیرانەی لە مەیدانە جیاجیاکانی نەبەردی خەلک لەگەل لایەنەکانی ئەم سیناریۆ رەشە، گیرانی دەوری رابەرو ریکخەری خەباتی جەماوەری لە پیناو نان و مەسکەن و ئەمنیەت و ئازادی و یەکسانی، ئەم حیزبە نیشانیداوە کە تەنها زەمانی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی خەلکی عیراقە. بەرنامەو سیاسەتی ئەم حیزبەش لە بالاترین ئاستدا تاکە وەلامدەرەوەی ئەو خواست و ئامانجانەیە. بەلام  گومان لەوە نیە کە دەستەبەر بوونی ئەو ئاوات و ئامانجانە لە گرەوی ریکخراوبونی جەماوەری فراوانی خەلک لە دەوری سیاسەت و بەدیلی ئەم حیزبەو بەهیزکردنیتی وەکو هیزیکی سیاسی کاریگەرو جەماوەری ئەوتۆ کە بتوانی دەوری ئەمریکاو هیزەکانی سیناریۆی رەش لە کاربخات و بەدیلی ئازادیخوانە لە عیراقدا بچەسپینێ. هیزی ملیونی خەلکی عیراق دەبێ لە دەوری ئەم بەدیلەی خۆیان کۆبنەوەو بەهیزی بکەن.

لە بەرامبەر ئەو شەرو کیشەیەی کە ئیستا زۆریک لە شارەدو ناوچەکانی داگرتووە، جەماوەری ئازادیخواز و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری هاوکات لەگەل ئەوەی دەبێ ریزی خۆیان لە ریزی هەردووی ئەم کیشمەکیشە جیاواز رابگرن، ناتوانن وەکو جەبهەیەکی بێلایەن تەماشای شەری تیکدانی ژیان و ئەمنیەت و مەدەنیەتی کۆمەلگاکەیان بن. ئیستا کاتی ئەوەیە ئەم جەبهەیەش بە ریزیکی فراوان و ریکخراو چەکداروە پی بنیتە مەیدان و شارو گەرەکان لە دەستی هەردوولای ئەم شەرە دەربهینن و خۆیان بە دەستەوەیان بگرین، ریکخراوبوون لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری و ریکخراوە جەماوەرەیەکان، دامەزرانی بنکەی گەرەکەکان و بە دەستەوەگرتنی ئیدارەو ئەمنەیەتی شارو گەرەک لە ریگای ئەم بنکانەوە، کاریکە دەبێ دەستبەجێ هەنگاوی بۆ هەلگیرێ.